# گوزارشی بەرگوزاری کۆڕی ماتەمینی (دۆعا) لە شاری کۆێڵنی ئاڵمانیا

لە ڕۆژی ١٩,٠٥,٢٠٠٧ کۆڕێکی ماتەمینی بۆ (دۆعا) بە بەشداربوونی کۆمەڵێک لە ڕێکخراوەکانی ژنان و حزبە سیاسیەکان لە لایەن [کۆژن و سەنتەری ژنانی کورد لە کۆێڵن] بەسترا.

کۆڕەکە بە دەقیقەیەک بێدەنگی بۆ (دۆعا) و هەموو ئەو ژنانەی دەبنە قوربانی دیاردەی ناموسی و دیاردە کۆمەڵایەتیەکانیتر دەستی پێ کرد. سروودێک بێدەنگیەکەی شکاند و ووتارێک لە لایەن کۆژن و سەنتەری ژنانی کورد خوێندرایەوە. دوابەدوای ئەوە ووتاری: یەکیەتی نیشتمانی کوردستان، کۆمەڵەی شۆڕشگێڕی زەحمەتکێشانی ئێران، پارتی دیمۆکراتی کوردستان، ئەنجومەنی ژنانی ئێران، مافی ژنی کورد، مافی مرۆڤ، ماڵی کورد و ئەڵمان و پاشان ووتاری ناوەندی چاک خوێندرایەوە.

بۆ بنبڕکردنی دیاردەی کوشتنی ژن لە کوردستان و هەوڵدان بو لە ناوبردنی ئەم کێشەیە ئەم داواکاریانە پێشکەش بە حکومەتی هەرێم کرا:

١- پەیڕەو کردن و چەسپاندنی بێئەملاوئەولای (یاسا) دژی توندو تیژی بەرامبەر بە ژنان و بەرپرسکردنی [وەزارەتی داد] لەم کارانەدا.

٢- وشیارکردنەوەی خەڵکی کوردستان بەگشتی لە لایەن وەزارەتی ڕۆشنبیریەوە بە بەستنی کۆڕ و کۆبوونەوە و سیمینار بۆ چاندنی بیرۆکەی یەکسانی و خەباتکردن دژی کۆنەپەرستی و ناعەداڵەتی.

٣- بنیاتنانی سیستەمێکی نوێی پەروەردەی کۆمەڵایەتی و نەهێشتنی پەرەسەندنی ڕق و کینەی مەزهەبی بۆ نەقۆزتنەوەی لە لایەن دوژمنان و تیرۆریستان.

٤- پشتگیرکردنی ژنان لە لایەن حکومەتی هەرێمەوە لە کاتی گرفتاربوونیان بە کێشە کۆمەڵایەتیەکانەوە و دابینکردنی شوێنی حەوانەوە و داڵدەکردنیان.

٥- سزادانی عادیلانەی بکوژانی دۆعا بێ ڕەچاوکردنی هیچ مەرجێک.

٦- سەربەستی هەڵبژاردنی هاوسەری ژیان لە لایەن هەر کەسێکەوە کە تەمای دروستبوونی خێزانی هەیە و بە تایبەت ژنان.

٧- دیاریکردنی ڕۆژی [ ٠٧,٠٤ ] بە ڕۆژی لە ناوبردنی کوشتنی ژن بە ناوی ناموسەوە و ڕۆژی بنبڕکردنی توند و تیژی بەرامبەر ژنان.

سەنتەری ژنانی کورد لە کۆڵن

کۆژن لە کۆڵن






گ.مهتاب


گ.مهتاب


گ.مهتاب